
# مارو پەیژەکانی ئازادی ئافرەت



***نیگار نادر***

***(زۆرن ئەو ئافرەتانەی بەگوڕو بە هەراو زەنا دروشمی ئازادی ئافرەت بەرز دەکەنەوەو زمان لەهەموو پرسێک وەردەدەن و پێیان وایە گەیشتونەتە ترۆپک، لێ هەر کاتێکی دەسەڵات پاروەنانێکی بۆ ڕادێشتن یا پیاوێک دڵی بۆ کردنەوە هەر بە پەیژەکانی خۆیاندا سەر بەرەو ژێر دەبن و دەست بەزمانی خۆوە دەگرن و ماناکانی ئازادی دەشێوێنن)***

**ئافرەتی ئازا لەنێو زیندانیشدا بێ دەتوانێ ئازاد بێت، بەڵام ئافرەتی بێ هێز هەموو ئازادی دنیاو مافێکی هەبێ هەر چەوساوەو کلۆڵەو بەدەستبەسەری دەژیو دەمرێ، ئازادی ئافرەت ئەم پرسە قووڵو گەورەیەیە کە هەندێك جار هێندە بەدروشم دەکرێ هیچ مانایەکی نامینێ یان هێندە هەڵدەگەڕێنرێتەوەو دەشێوێنرێدەبێتە جێێ ترسو هێندەش لە قاڵب دەدرێ هەموو شتێکی تێکەڵ دەبێت تەنها ئافرەت نەبێت.**

**تێڕوانینی ئافرەت بۆ ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردی دا تا ئێستا ئەوەیە کە ئافرەت پێناسەی ئازادبوونی خۆی لە دەست پیاوەوە وەردەگرێو وەکو ئینشا ئەزبەری دەکاو وەکی پڕۆژەو داوا دەیداتەوە دەستەکەی تری پیاو تا لێی قبووڵ بکاو لەسەر سنووری ئازادییەکانی رەزامەند بێ... ئافرەتان زۆر بە زوویی‌و بە کتوپڕی دەتوانن روکارەکانی ئازادی بنوێننو ببنە وێنەیەك بۆ ئازادی، بەڵام زۆربە سەختی دەتوانن جەوهەری ئازادی لە خۆیاندا داڕێژنو مامەڵەی لەگەڵ بکەن لەنێو هەر کۆمەڵگایەك دا کە پیاوانی ئازاو ئازاد زۆر دەگمەن بێ ئافرەتی ئازاو ئازادیش بە دەگمەن پەروەردە دەبێ لە هەموو شتێکیش کوشندەتر ئەوەیە لە سایەی پیاوانی زەلیل دا ئافرەتی زەلیل پێبگاو زیادبکا بەبێ ئەوەی پێشبزانێو هەستی پێ بکا...**

**ئازادی ئافرەت دوو رووی هەیە روویەکی هێندە جوانو سەرنجڕاکێشە تا ئاستی شاگەشکەبوون دیوەکەی دی هێندە پڕ مەترسی‌و خەتەرە تا ئاستی هەپڕوون بەهەپڕوون بوون لەبۆیە هەر ئافرەتێك بەبێ باگکراوەندێکی مەعریفی‌و هۆشیارییەکی قووڵ باوەش بۆ ئازادی بکاتەوەو وەکی ئەوە وایە باوەش لە مینێك بداو لپڕ پێی دا بتەقێتەوە، بۆیە وەدەرکەوتنو بلاّوبوونەوەی ئافرەتی ئازادی پۆش زۆر ئاسانە لە کاتێکدا پێگەیشتنو دروستبوونی ئافرەتی ئازاد پێویستییەکی گەورەو گرنگە ئەو ئافرەتانەی بە کتوپڕی دروشمی ئازادی هەڵدەگرنو رووکاری ئازادی دەنوێنن وەکی ئەو رووەکە بۆماوەیانەن کە بە دەرمانو بەدەر لە وەرزی خۆیان گەشە دەکەنو پێدەگەن.**

**گرنگ نییە کۆمەڵگەکەکەت بریقەبریقی ئازادی پێوەدیاربێ ئەگەر بیرو هێزی ئافرەتی تێدانەبێو ئافرەتەکانی تێڕوانینو جیهانبینییەکی تایبەت بەرامبەر بەو هەموو ئازادییەی لێی زەوتکراوەو!**

**ئافرهتزۆربەی زۆری ئازادییەکانی بە هەڵگەڕاوی وەرگرتوونو بە هەڵە بەکاریان دەهێنێو لە سەرەتایی ترین قۆناغدایە لەبۆ خەبات بۆ  وهدهستهێنانی مافەکانی بۆ نموونە ئێستا زۆر باس لە خۆسووتاندنی ئافرەت دەکرێو بە یەك لە هەرە کێشە زەق‌و ترسناکەکان باس دەکرێ راستە سووتانی جەستە بە دەستی خۆ کارێکی ئاسان نییەو جێی ترس‌و دڵراوکێ یە بۆ هەر کۆمەڵگەیەك، بەڵام دەبێ ئافرەت واقیعی کۆمەڵگای خۆی بزانێ کە ئەتۆ لە کۆمەڵگایەك دا دەژی  رۆژی بە هەزارەها ئافرەت دڵیان دەسووتێ بە هەزارەهای دی رۆحیان دەسووتێ بەبێ ئەوەی کەس ببینێو کەس بۆسووتووی بکاو پێبزانێ هەر بەناوی ئازادی‌و سەربەخۆییەوە چەندەهای تر گڕیان تێبەردەبێو هەتا هەن ناوێرن**

باسیشی بکەن، لەبۆیە سووتانی جەستە چەندە کوشندەیەو دەبێت چ مێژوویەکی سووتاو بۆ ئافرەتانی کۆمەڵگا دە هێندەی دیش ئەو سووتانە کپانە کوشندەن کە بەشێوازی جیاوازتر و کەرەستەی جیاوازتر ئافرەتیان پێ دەسووتێنرێ، لەبۆیە ئافرەت زۆر برینی هەن کە پێوە رۆیون و چارەسەری زۆر ژیرانەو بوێرانەیان دەوێت...

**( ئافرەت کاتێك گەیشتە ئەوەی ئازادی و ماف لە پیاوان داوا بکا هەر ئازاد نەبێ باشترە، چونکە پیاوان ئازادییەکت نادەنێ ئەگەر دە ئازادی بە ئەمەکترت لێ زەوت نەکەن)** چەندین ئافرەت رۆژانە بە گوللە تیرۆر دەکرێن دە هێندەی دی بە گوللەی بێدەنگ تیرۆر دەکرێن ناتوانن بچنە دادگاو بەرگری لە خۆیان بکەن.

گۆڕینی برگەی یاسایی و دانانی یاسای نوێ دەتوانێ تارادەیەك چارەسەری کۆیلایەتی و چەوساندنەوەی ژنان بکەن ئەمما کارکردن و بنەبڕکردنی ئەو دیاردە ترسناك و لەخۆبردووییانە بەرنامەی گەلێك داڕێژراوو قۆناغی زۆری پێدەوێن ،ئازادبوونی ئافرەت تەنیا ئازادبوونی جەستەو کۆمەڵێك کردار نیە، هەتا ئێستاش لە 50٪ی ئافرەتان راهاتوون کە بۆ هیچ لە کێشەکانیان روونەکەنە دادگاو هەر جۆرێك کە دەچەوسێنەوە پێی رام بوون لە 80٪ی کێشەکانیان ئەو شێوازانەی دەستدرێژیان پێی دەکرێتە سەر دادەپۆشرێن و بزر دەکرێن، زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئافرەتانەی دژ بە چەوسانەوەکانیان دێنە دادگاکان و داواکاری مافی خۆیانن بە یاسا یی ئافرەتانی دەرەوەی شارو زیاتر هی گوندو شارۆچکەکانن کە زۆر بوێرترن لە ئافرەتانی شارە گەورەکان و هوشیارتریشن بۆ داواکردنی مافەکانیان ئەگەرنا یاسا نەبۆتە ئەو لەمپەرە گەورەیەی هەموو رێگایەك لە ئازادی ئافرەت بگرێت، لەبۆیە دەبێ ئافرەتێك پەروەردە بکرێن و پێبگەیەنرێن کە ئازادی مافەکانیان لێك جوداکەنەوەو بەپێی قۆناغی کۆمەڵگەکەیان هەنگاو هەڵێنن.

بەخۆیان دەبێ زۆر جەسوورانە خاوەن کەسایەتی خۆیان بن ئەگەر نا وەکی ئەوەیە بە هەزارەها دەبدەبەی رەنگاوبەرنگ بەسەرسەری کۆمەڵگاکەتەوە هەڵواسی و جاڕی پێشکەوتنی بدەی... بەتەنها ویست بۆ ئازادی ئافرەت گرنگ نییە ئەگەر هاوسەنگ راگرتنی نەبێ لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەی لەناخی ئافرەتدا هەن رانەگیرێن. چونکە سنوورەکانی ئازادی ئافرەت هێندە چڕو خەتەرن هەر کاتێك لێیان تێپەڕی هەموو شتێك وێکرا دەدۆڕێنێ.

پەندێکی فارسی هەیە دەڵێ: (خو کردای بە قفس میل رها شدن نیست) بە مانای ئەوە دێت یەکێك کە خووی بەناو قەفەسەوە گرت مەیلی ئازادبوونی نامینێ دروست ئەو حاڵەتە تووشی ئافرەت هاتووە، کاتێك ئافرەت خووی بە دەستبەسەرییەوە گرت و لەسەری راهات زۆر سەختە بتوانی مەیلی ئازادی و سەربەخۆیی تێدا وەگەڕ بخرێتەوە بۆ نموونە ئافرەتێك بێنە هەموو ئازادی مافێکی بۆ دەستەبەر بکە گەورەترین پۆست و دەسەڵاتی پێببەخشە دەبینی لە کۆتاییدا بە هەر شێوەیەك بێ هەر مل دەداتەوە بۆ چەوسانەوەیەکی دی دەگەڕێتەوە سەر خاڵی سفر، ئەگەر لە بنەڕەتدا بناغەیەکی پتەوی لەبۆ ئازادبوون و بەرەنگاربوونەوە نەبێ زۆربەی ئازادی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردی دا وەکو مارو پەیژە وایە لەسەر ئەو نەخشە هەموو رێگاکانی لەبۆ دەستنیشان دەکرێن بەهەموو پەیژەکاندا وەسەر دەخرێ هەمان ئەنجامیشی دەبێ لە ناوهندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان دا هەمان نەخشەیە دەبێ هەمان قۆناخان ببڕێ بۆ سەرکەوتنێ و چونکە (زۆر کەس دەتوانن ئازادی وێنە بکەن، بەڵام دەگمەنن ئەوانەی دەتوانن ئازادی لەناو خۆیان داو لە دەوری خۆیان دا بینا بکەن). ئافرەت دەبێت لەو پرسە گەلێك وریا بێت چونکە زۆر جاران گەورەترین چەوسانەوەی بە ئازادی بۆ سواغ دەکەن و رەنگ دەکەن بەبێ ئەوەی پێی بزانێ یا هەموو تەمەنی بە دەسبەسەری دەگوزەرێنێ پێی وایە سەربەخۆیە! لەژێر ناوی ئازادی یەوە رۆژانە بە ملیۆنان ئافرەت مافەکانیان دەخورێ و بێ چارەنووس دەکرێن هەزارەهای دیش پێی چەواشە دەکرێن و هەرچی هەشیانە بەو ناوەوە لێیان زەوت دەکرێ. گەرچی لەم جیهانەدا بە ملیۆنەها دروشم هەن بۆ ئازادی و بە هەزارەها دامەزراوو رێکخراوو سەنتەر بەناوی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت هەن و کاردەکەن.

ئازادی ئافرەت لەو پرسە جیهانیانەی سەرلەبەری ئافرەتانی جیهان بەشێوازی جوداو ئەجێندای جودا خەباتی بۆ دەکەن بەپێی کولتووری هەر کۆمەڵگایەك پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیووەو قۆناغەکانی بڕیون و پەیوەندی راستەوخۆشی هەیە دەگەڵ ئاستی مەعریفی و هۆشیاری ئافرەتی هەر کۆمەڵگایەك، مێژووی خەباتی ئافرەتی کورد و ئەو پرسە مێژووییەکی دوورودرێژ نییە ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی رابردوو کە وەکو قۆزاخەیەك

لەناو حزبی سیاسی کوردیدا دامەزراوەو دەستی کردووە بە چالاکیو خەباتکردن  لەناو ریزەکانی حزبی دا وەکو دامەزراوێكو لەو نەخشانە دەرنەچوون کە پیاوان بۆیان کێشاونو بۆیان دەست نیشان کردوون، بەلأم کاریگەری خۆیان بەپێی سەردەمی خۆیان هەبووە بۆسەر وریاکردنەوەو هەنگاونانی ئافرەتانی کورد لە زۆر بورادا بەتایبەتی چوونەدەر لە مالّو هاندان بۆ خوێندەواری.

بەلأم تێکڕای ئافرەتی کورد شوێنێکی نەبووە بۆ ئازادیو سەربەخۆبوون تەنها لە کلاٍورۆژنەی رژێمە دیکتاتۆرییەکانەوە نەبێ ئازادی لێوە دیارنەبووە لە پەنجەرەکانی پاتریاکیشەوە دونیای لێوە دیاربووە، کە ئەوانەش بە جۆرەها سیاسەت کاریان بۆ رام بوونو لە رەگ دەرهێنانی ئافرەت کردووە چۆن سیاسەتی کوردیو ئەدەبیو هونەری کوردیان چەپاندووە بە هەمان شێوەش ئازادی ئافرەتی کوردیان چەپاندووە هەتا سەرەتای راپەڕینی 1991 کە گۆڕانکاری گەورەی لە تێکڕایی تێڕوانینو زەمینی تاکی کورد دا دروست کرد بە تایبەت ئافرەت کە چەندەها دەرگای هەمەجۆری لەسەر ئاوەلابوونو کرانەوە ئەو ئازادییە پڕ شەپۆڵە ئافرەتی تووشی سەرسامییەکی گەورە کرد کـهلەپڕ بیٍنیٍ جۆرهها ئازادی لەپێشی هەلّڕژاوە  کە پێشتر هەر هیچی لەبارەیەوە نەدەزانیو لە هەموو ئازادییەك دهشێرابوو ئەو سەرمایەشی بۆ نەڕەخسابوو کە خۆی پێیگەیەنێت، کەچی خزێنرایە ناو زۆربەی حزبە کوردییەکانو وهکـو گـولّ ههلّیانپاچی و پێناسەی خۆیان بۆ نووسینو دایانە دەستیان و لەپاش ئەو هەموو ماندووبوونە کەوتە رووبەرووبوونەوەی لەگەلّ کۆمەلگەی مەدەنیو دیموکراسیەتو ئەوجا وردبوونەوە لە مافەکانیو یاساکانی تایبەت بە خۆی کە چ ئەزموونێکی پتەوی پێ نەبوو ئافرەتێکی شەکەت بوو کە کەوتە بەرشەپۆلّی بەجیهانی بوونو سەردەمی خێراییو خۆ لەگەلّ گونجانو کەوتە سەر شانۆی هاوچەرخایەتی دەگەلّ ئافرەتانی دەوروبەرو دنیا لەو دەرەنجامە دەکەوتنە بەری ئەو هەموو شەپۆلە نوێ یانە کەوتنە نێو دژوارە بۆیە قۆناغی ئێستای ئافرەتی کورد قۆناغێکی قەیراناوی یە هەموو ئازادییەکانی لێ تێکەلّبوونو لەسەر کەلەکەبوون ولەژێریان دا بە لاوازی ماوەتەوەو بەو چەکانە کەوتۆتە خەباتکردن کە پیاوان داویانەتیو پیاوان مەشقیان لەسەر پێی کردووەو هەموو چەکەکانی بە دەستیەوەن بەرو رووی خۆی رایگرتوونو بەرەو رووی خۆی دەیانتەقێنێ هەتا ئێستا لە قۆناخی مارو پەیژەدا چەقی بەستوەو لە قەیرانگەلێکی سەختدایە و تەنها بە پەیژەکانی حیزب دا وەسەردەخرێ و لە وێشدا لەبەر بێهێزی سەر بەرەو ژێر دەبتەوە و لەدونیا و لەرۆژهەلاّتی ناوین بەتایبەتی زۆرن ئەو ئافرەتانەی هەموو کەم و کورتیەکانی خۆیان بە ئازادنەبوون دادەپۆشن و زۆبەی ئەو فێمینستیەی لە کۆمەلّگای کوردی دا جاڕی بۆ دەدرێ و کراواتە دروشم فێمینستیەکی کۆپی کراوە زۆر جاران ژنانێک دەیکەنە دروشم کە بۆ خۆیان پڕن لە کەم وکورتی و بێئەزمونی ، لەبۆیە ئەگەر ورد سەرنج بدەین دەبینین ئەورۆ بەدەیان سەنتەرو ڕێکخراوو دەزگا دامەزراون وەکو گەلاّیی داران بەڕووی کۆمەلّگادا داباریون و رۆژانەو مانگانە چەندین کۆڕو کۆنفرانس و سیمیناران گرێ دەدەن بەناوی کۆمەلّگەی مەدەنی و یەکسانی و دیموکراسیەت بۆ دەستیەک یا چینێکی کە لەورۆژەدا و لەهەموو ناوەندەکان دا هەر هەمان دەستە ئافرەت دەبینەرێنەوە کە ئەندام و ستافی خودی سەنتەرو دەزگایەکانن لەکاتایکدا چەندین چینی جۆراو جۆری ئافرەت هەن کە پێویستە ڕێیان بۆ خۆش بکرێ و بەشداربن لە پێشکەوتنی کۆمەلّگەو ژیانی مەدەنی دا لێ لەکۆمەلّگەی کوردی دا چونکە هەر ئەو دەستە ئافرەتانە خودان ماف و وەدەستهێنەری ماف و بەخشێنەری مافن  بۆخۆیان و تەواوی ژنان دەکەونە نێو یاریگەلێکی مارو پەیژەیی وچەندین سالّی داهاتوش لە نێو هەمان بازنەدا دەخولێنەوە.